# ئەبو بەکر هاتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی کۆچی دواییکرد، دەمی خستە نێوچەوانی، ودەستی خستە لاجانگی، ووتی: ئەی پێغەمبەرەکەم، ئەی هاوڕێ نزیکەکەم، ئەی باشترین هاوڕێی هەڵبژێردراوم

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەبو بەکر هاتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی کۆچی دواییکرد، دەمی خستە نێوچەوانی، ودەستی خستە لاجانگی (لایەکی ڕووخساری)، ووتی: ئەی پێغەمبەرەکەم، ئەی هاوڕێ نزیکەکەم، ئەی باشترین هاوڕێی هەڵبژێردراوم».

[حەسەنە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەبو بەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- هاتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی کۆچی دواییکرد، دەمی خستە نێوچەوانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وماچی کرد، ودەستی خستە لاجانگی (لایەکی ڕووخساری لە چاو بۆ گوێ) پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: (ئەی پێغەمبەرەکەم، ئەی هاوڕێ نزیکەکەم، ئەی باشترین هاوڕێی هەڵبژێردراوم): واتا -ڕەزای خوای لێبێت- غەمبار وناڕەحەت بوو بەهۆی کۆچی دوایی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، بەو شێوەیە وەسفی دەکات کە دڵسۆزترین هاوڕێی بووە، ولە هەموو خەڵکی زیاتر خۆشی ویستووە، ولە پێش هەموو کەسێک بوو لە لای تەنانەت بە خۆیشیەوە. وئەمیش پێی دەووترێت (نودبە:النُّدبة) ودروستە وەکو ئەوەی ئەبوبەکرد ئەنجامیدا -ڕەزای خوای لێبێت- بەمەرجێک ئەگەر لە دڵەوە ناڕازی دەرپڕین نەبێت بەرامبەر ئەم ناخۆشییە ودەپڕینی وشەی نەشیاو نەبێت بەرامبەر قەزا وقەدەری خوای گەورە، ودەنگ بەزر نەکاتەوە هەورەکو ئەوەی ئافرەتان ئەنجامی دەدەن بە هاوار کردن ونیاحە کردن و لەخۆدان ودڕینی جلەکان وقسەی نەشیاو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10982